ژوڵیان هەڵگورد

یاریزانی باسکەی هەڵبژاردەی عێراقی:

# گرفتی گەورەمان تێکەڵکرنی سیاسەت و وەرزش و قەیرانی ئابوورییە



دیمانە: کارزان کانەبی

*** هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزشی بە پێشوەختە بوو، یاخود هەر لە ناکاو ڕووت لەم جیهانە کرد؟**

-هەر لە منداڵییەوە خولیای یاریکردنم هەبووە، بەتایبەتی یاری باسکە، چونکە هەستم دەکرد لەم یارییە سەرکەوتوو دەبم.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاری تۆپی باسکە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی زۆربەی یارییەکان لە کوردستان لاوازە و گرنگیی تەواوی پێ نادەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی یانەکان بۆ هەندێك یاری باشە، بەڵام کە خول نەکرێتەوە ئاستی ئەوانیش باش نابێ، لە کوردستان زیاتر گرنگی بە تۆپی پێ دەدرێت و هەموو یارییەکانی دیکە پشتگوێ خراون، یاری باسکەش زیاتر پشتگوێ خراوە.

***پێت باشە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەم یارییە لە کوردستانیش گەشە بکات؟**

-بە هۆی کەمیی پاڵەوانیەتی ئاستی یاریزانان و خولیای یاریزان بۆ یاری کەمی کردووە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی یاریزانان پێویستە ساڵانە خولی جۆراوجۆر بکرێتەوە.

***گرفتی یاری باسکە لە چیدا دەبینی؟**

- لە نەبوونی یاریگا و کەلوپەلی پێویست، تێکەڵکرنی کەسانی سیاسی بە بواری وەرزش، نەبوونی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ وەرزش. واتە گرفتی گەورەمان تێکەڵکرنی سیاسەت و وەرزش و قەیرانی ئابوورییە، لە کوردستان گرنگییەکی کەم بە وەرزش دەدرێت.

***ئەی لەسەر ئاستی شاری سلێمانی چ گرفتێکتان هەیە؟**

-گرفتی یاری باسکە لە سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پاڵەوانیەتی، ئەوەش گرفتی گەورەیە و

ئاستی یاریی باسکە لە شاری سلێمانی بەردەوام لە گەشەکردندایە بەهۆی ئەو خزمەتەی کە ژمارەیەک لە یانەکانی ئەو شارە بەم یارییەی دەکەن، چەندین ڕاهێنەری بەتواناش لەم شارە بەردەوام لە خزمەتی یاری باسکەدان و گرنگیی زۆریش بە کچان دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانا بۆ داهاتوو دروست بکەن، بەڵام نەکردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی ئەم یاریزانانەی نیگەران کردووە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەش لە هەردوو یاری باسکە و گۆڕەپان و مەیدان کچە یاریزان ژوڵیان هەڵگوردە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و دەرچووی پەیمانگای وەرزشییە و پێشووتریش یاری بۆ هەریەک لە یانەکانی سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی، هەڵەبجە، هەڵبژاردەی عێراق کردووە، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.





ئەگەر یاریزان هیچ خولێکی بۆ نەکرێتەوە ناتوانێ پێش بکەوێت.

*** هیواو و ئاواتت لە وەرزشکردن چییە؟**

- تاکە هیوای من لە ژیان بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزانی جیهانە.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-بەرنامەی من بۆ داهاتوو شکاندنی ژمارەی پێوانەییە لە یاری گۆڕەپان و مەیدان بۆ یارییەکانی ڕەمیات و هەروەها بوون بە باشترین یاریزانی باسکەیە لە ئاستی ئاسیا.

*** وەکو یاریزانان قەیرانی دارایی تا چەند کاریگەری لەسەرتان هەبووە؟**

-قەیرانی دارایی کاری کردۆتە سەر هەموو یاریزانان و ڕاهێنەرەکانیش، هەروەها سەرجەم یانەکان قەیرانیان هەیە و ئەوە بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی سەرجەم یانەکانی کوردستان.

***کۆمەڵگە چۆن لە وەرزش گەیشتووە؟**

- لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تا ئێستاش زۆر کەس لە کۆمەڵگەی ئێمە لە وەرزش تێ نەگەیشتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کەسانی زۆر لە هەموو ئاستەکانی تەمەن روویان لە وەرزش کردووە و پشتگیری وەرزش دەکەن.


*** چیت ماوە لە کۆتاییدا بیڵێی؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەرچاوەی ئەنجامی دەدات بۆ یاریزانانی یانەکان، هیوادارم وەرزش لە کوردستان بگاتە ئاستی وڵاتانی جیهان.



# جووتیار دەیەوێت رۆناڵدۆ بێت

جوتیار رەحیم راهێنەری فێرگەی دوارۆژ لە شاری سلێمانی کە بە رۆنالدۆکەی شاری سلێمانی ناسراوەو لە شێواز و ستیالی هاوشێوەی کریستانۆ رۆنالدۆی یاریزانی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پرتوگال یاری دەکات، بەردەوام چاودێریی ئەو یاریزانە دەکات لە لاساییکردنەوە. جوتیار لە فێرگەکەی دوارۆژ رۆژانە سەرقاڵی پێگەیاندنی یاریزانانە بۆ یانەکانی کوردستان، لە بارەی دروستکردنی یاریزانان و لاساییکردنەوە رۆنالدۆی یانەی شاهانەشەوە جوتیار رەحیم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا خەریکی کاری راهێنەریم لەگەڵ ئەکادیمیای دوارۆژ بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی لاو لە ئاستەکانی تەمەن بچووك و دەمەوێت لە ماوەی داهاتوو چەندین یاریزانی




## ئافرۆدێتی سلێمانی چاوی لە ئەنجامی شایستەیە

ئەمساڵ تیپی فوتساڵی کچانی یانەی ئافرۆدێتی شاری سلێمانی لە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پلە نایابەکانی فوتساڵی کوردستان خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنن، دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکەش ئومێدی زۆریان بەو کچە لاوانەی شاری سلێمانی هەیە کە بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ تیپەکانی بەشداربوو لە خولەکە بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن باشترین ئەنجام بەدەست بهێنن، لە بارەی ئاستی تیپەکەش کاروان شێخ زیرەك راهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرۆدێت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:

«خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان ئەمساڵ ئاستێکی بەرزی هەیە، تیپە سەرکەوتووەکانی چوارگۆشەی زێڕینیش هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەدەن، پلانی من وەکو راهێنەر بۆ ئەوە بوو کە بگەینە چوارگۆشەی زێڕینی خولی فوتساڵی کوردستان ئەو خەونەشمان هاتەدی، ئێستاش دەمانەوێ کێبڕکێ لەگەڵ تیپەکانی دیکە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین نوێنەرایەتی شاری سلێمانی بکەین و دەمانەوێ ژمارەیەکی باش بین لە خولەکە، هەوڵیش بۆ ئەوە دەدەین و ئەگەریش نەتوانین نازناوەکە بەدەست بهێنین، با دووەمی خولەکە بین.» گوتیشی: «هیچ گرفتێکمان نییە و بە نیازی ئەوەش نین هیچ یاریزانێك زیاد بکەین بۆ تیپەکە بۆ ئەو چەند یارییەی ماومانە، سەرجەم یاریزانەکانیشمان خۆبەخش و دڵسۆزن، ئێمەش لە هەموو یانەکانی دیکە گرفتمان زیاترە لە رووی دارایی، نەبوونی توانای دارایی باشیش کاریگەری هەر دەبێت و بێگومان پێویستیمان بە هاوکاریکردنی باش هەیە، هەموو چاوەکانیشمان دەخەینە سەر ئەو چەند یارییەی ماومانە بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین، سوپاسی کارگێڕی یانەش دەکەین کە هاوکاری بەردەوامی تیپەکەن.






## ـــــــدۆ لە سلێمانی دروست بکات

بەتوانای هاوشێوی ڕۆنالدۆ بۆ شاری سلێمانی دروست بکەم، بۆیە بەردەوام لە یاریگاکانی شاری سلێمانیم بۆ ئەوەی باشترین یاریزان دەستنیشان بکەین و لە فێرگەکەمان پەروەردەو ئامادەی بکەین بۆ داهاتوو.» لەبارەی لاساییکردنەوە کریستیانۆ ڕۆنالدۆش گوتی: «من زۆر شێوەم لە کریستیانۆ ڕۆنالدۆ دەچێت و هەمیشە تەقلیدی ئەو دەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەو بم، لە ساڵی ٢٠٠٤یشەوە نازناوی ڕۆنالدۆم هەڵگرتووە، هۆکاری حەزی وەرزشی و سەرسامبوونم بە یاریکردنی ئەو یاریزانە وایکردووە هەموو کات هاوڕێیەکانم بە ڕۆنالدۆ بانگیان کردووم، بۆیە بەردەوام حەز دەکەم هاوشێوەی ئەو یاریزانە بم.»

## ئاسۆ ڕۆستم خولی کوردستانی پێ باشترە



هەرچەندە یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە هیوای ئەوەن کە زۆرترین کوڕە یاریزانانی کوردی یانەکانی باشووری کوردستان بەرەو یانەکانی خۆیان بە گرێبەست و مووچەی باش پەلکێش بکەن، بەڵام کوڕە کوردەکان ئێستا ژمارەیەکیان بۆ یاریکردن لە خولی کوردستان تیپە عەرەبییەکانیان بەجێهێشتووە، یەکێك لەو کوڕە یاریزانانەش ئاسۆ ڕۆستەم یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانی و یانەی پێشمەرگە بوو کە دوای پەیوەندیکردنی بە ریزی یانەی کەربەلا جارێکی دی گەڕایەوە خولی پلە یەکی کوردستان و پەیوەندیی بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانیەوە کرد،

لە بارەی گەڕانەوەشی بۆ تیپە کۆنەکەی ئاسۆ ڕۆستەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکارەکەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان بۆ ئەوە بووە کە شێوازی یاریکردنیان لەگەڵ ئێمە نەدەگونجا، باری دارایی تیپەکە خراپ بوو، هاندەرانیان قسەیان دەکرد و دەیانگوت یاریزانی کوردتان هێناوە لە سلێمانی و دهۆك و ئاستیان باش نییە، ئێمەش قسەمان لەگەڵ ڕاهێنەر کرد، هەرچەندە ئەو پێی باش بوو ئێمە بمێنینەوە، سەرۆکی یانەکەش داوای مانەوەمانی کرد، بەڵام ئێمە سووربووین لەسەر گەڕانەوەمان بۆ کوردستان.» لەبارەی بوونی گرێبەستی دیکەش ئاسۆ گوتی: «هەریەك لە یانەکانی نەفتی وەست و جەیش و سناعە و چەند یانەیەکی پلە نایابیش هەبوو، بەڵام هیچ بەڵێنم پێیان نەداوە، لە کوردستانیش هەریەك لە یانەکانی زێرەڤانی و نەورۆز و پێشمەرگەی سلێمانی داوای منیان کردووە، من پێشمەرگەم هەڵبژاردووە، یانەکانیش پارەی گرێبەستیش دەدەن، ئێستاش لەگەڵ تیپی پێشمەرگە سەرقاڵی یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستانین و دەمانەوێ بتوانین باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین و تیپەکە بۆ ریزی یانە گەورەکانی کوردستان بگەڕێنینەوە.

# ئەمین یونسی ئەڵمانی چووە خولی ئیتاڵی



یانەی ناپۆلی ئیتاڵی لە ئێستاوە کار بۆ وەرزی داهاتوو دەکات و بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش یاریزانێکی هێڵی ناوەڕاستی کڕیوە.

مارك ئۆڤەر مارس بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی بە ڕۆژنامەی تەلەگرافی هۆلەندی ڕاگەیاندووە یانەی ناپۆلی گرێبەستیان لەگەڵ ئەمین یونسی ئەڵمانی و بەڕەگەز لوبنانی واژوو کردووە.

ئۆڤەرمارس گوتی: ئەمین یونس بەگرێبەستێکی ئازاد دەبێتە یاریزانی یانەی ناپۆلی، ئەوەش لەکاتێکدایە هاوینی ئەمساڵ گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەیاکس تەواو دەبێت.

ئۆڤەر مارس زیاتر گوتی: چارەنوسی ئەو یاریزانە لەگەڵ ئەیاکس کۆتایی دێت، ئێمەش کاتی پێویستمان لەبەردەستدایە تاوەکو جێگەی ئەو پڕبکەینەوە.

گرێبەستەکەی ئەمین یونسی تەمەن ٢٤ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی وەرزی ئەمساڵ لەگەڵ یانەی ئەیاکس تەواو دەبێت، ئەوەش لەکاتێکدایە هاوینی ٢٠١٥ بەرامبەر ٣ ملیۆن یۆرۆ لەیانەی بروسیامنشنگلادباخی ئەڵمانی پەیوەندی بەیانە هۆڵەندییەکەوە کرد.

بەپێی گرێبەستەکەی نێوان ئەمین یونس و یانەی ئەیاکس، یاریزانی ناوبراو دەیتوانی بۆ ماوەی وەرزێکی دیکە گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە، بەڵام کوڕە ئەڵمانییەکە ئەو بەندەی ڕەتکردەوە.



# ئەرسناڵ ماوەی دوورکەوتنەوەی لاگازێتی ئاشکرا کرد



یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی ماوەی دوورکەوتنەوەی ئەلێکساندەر لاگازێتی فەڕەنسی و هێرشبەری یانەکەی بڵاوکردەوە.

لاگازێت بەهۆی ئەو پێکانەی دووچاری بوو لە ئەژنۆیدا نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوەو بەو هۆیەشەوە بۆ ماوەی شەش هەفتە لە یاریگاکان دووردەکەوێتەوە.

یانەی ئەرسناڵ لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاویکردووە هێرشبەرە فەڕەنسییە تەمەن ٢٦ ساڵەکەیان هەفتەی ڕابردوو نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوەو بەو هۆیەشەوە لانی کەم بۆ مانگێك لەیاریگاکان دووردەکەوێتەوە.

بڵاویشیانکردووە: لە لەندەن ئەلێکساندەر لاگازێتی هێرشبەر نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی لە ئەژنۆی قاچی چەپیدا بۆ ئەنجامدراو پێشبینیش دەکرێت دوای چوار تا شەش هەفتەی دیکە بگەڕێتەوە بۆ یاریگاکان.

لاگازێت هاوینی ڕابردوو لەیانەی لیۆنەوە پەیوەندیکرد بەیانەی ئەرسناڵەوەو تا ئێستا لەو ٢٦ یارییەی بەشداری تێداکردووە نۆ گۆڵی تۆمارکردووە.



## لە یەکەم دیمانەیدا

# کۆتینیۆی بەرازیلی نهێنییەکانی پەیوەندیکردن بە بەرشلۆنە ئاشکرا دەکات

فیلیپ کۆتینیۆی بەرازیلی لە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژدا لەگەڵ رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی باس لە پەیوەندیکردنی بەیانەی بەرشلۆنە و نزیکبوونەوەی لە یانەی ریاڵ مەدرید و چەند پرسێکی دیکە دەکات.

کۆتینیۆ لە بارەی سەرەتای پەیوەندییەکانی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە گوتی: هاوینی رابردوو کاتێک یانەی بەرشلۆنە گرێبەستیان ئاڕاستە کردم لە خواستیان دڵنیابوومەوە، پێشتر باس لەهەرچییەك دەکرا دووربوو لەڕاستی، راستەوخۆ بە بەڕێوەبەری کارەکانم راگەیاند دەمەوێت پەیوەندی بە بەرشلۆنە بکەم.

پەیوەندییەکی تایبەتم لەگەڵ سوارێز هەیە، ئێمە پێشتر لە لیڤەرپوڵ بەیەکەوە بووین کاتێک گەیشتمە ئێرە هاوکاری زۆری کردم لەگەڵ هاوڕێکانم بەتایبەتی ئەوانەی بە ئیسپانی و پورتوگالی قسەدەکەین، یاریکردنم لە هەر شوێنێکی یاریگا ئەوە بڕیارێکی تایبەتە بەڕاهێنەر، ئەو دەزانێت تیپەکەی پێویستی بەچییە لەهەریارییەکدا، ئەوەی پێویستە لەسەر من ئامادەباشییە لە ڕووی دەروونییەوە تاوەکو بەتەواوی جێبەجێکردنی ئەو داوایانە ئامادەبم کە ڕاهێنەر داوای دەکات.

لەبەشێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا یاریزانەکەی هەڵبژاردەی بەرازیل گوتی: لە دوای ساڵی ٢٠١١و بردنەوەی نازناوی جامی ئیتاڵیا بەشداری بردنەوەی هیچ نازناوێك نەبووم، ئەوە کارێك بوو رۆژانە بیرم لێدەکردەوە، ئەوە پاڵنەرێك بوو تاوەکو رۆژانە راهێنانی زیاتر ئەنجام بدەم، نازناوەکان من دەجولێنن، لە بەرشلۆنە هەلی بردنەوەی نازناوەکانم هەیە، دەمەوێت زۆرترین نازناو دەستەبەر بکەم، لە هەمان کاتدا تۆپی ئاڵتونی خەڵاتێکە هەموو یاریزانێك دیەوێت بەدەستیبهێنێت، بەڵام من زیاتر بیرلەبردنەوەی نازناوەکان دەکەمەوە، تۆپی ئاڵتونی تەنیا ئەنجامێکە گەر ئاستی باش پێشکەش بکەیت و وەرزەکەت باش بێت و نازناو ببەیتەوە پاڵێوراوی بردنەوەی ئەو خەڵاتە دەبیت.هەروەها گوتی: یاریکردن لەگەڵ یاریزانە گەورەکان چێژی تایبەتی هەیە، هەریانەیەك شێوازی یاریکردنی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەوەش ئاساییە، من تائێستا دەمەوێت لەگەڵ بەرشلۆنە بگونجێم و باشترین ئاست پێشکەش بکەم، جیاوازی نێوان ڤاڵڤێردی و کلۆب زۆر زۆرە، هەریەکەیان شێوازی تایبەت بەخۆی و ئەزمونی جیاوازی هەیە.

یاریزانە نوێیەکەی بەرشلۆنە گوتی: تەواوی یاریزانەکانی بەرشلۆنە زۆر باشن، من رۆژانە لە راهێنانەکان و لە یارییەکاندا ئەوە دەبینم، کاتێك دەیانبینم توشی سەرسوڕمان دەبم و دەڵێم ئەمە باوەڕپێنەکراوە.

لەبارەی باس کردنی پەیوەندیکردنی بە یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ نێیماری هاونیشتمانی کۆتینیۆ گوتی: راستییەکەی ئەوەیە ئێمە زۆر قسەمان نەکردووە، ئەو بڕیاری خۆیدا و هەلی ئەوەش بۆ من رەخسا بێمە بەرشلۆنە، هەموو کات خەونی من ئەم یانەیە بووە.

لە بارەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە رابردوودا بۆ یانەی ریاڵ مەدرید کۆتینیۆ رایگەیاندووە ئەوە دوورە لەراستییەوە ، کاتێك تەمەنی ١٦ ساڵ بووە لەیانەی ئینتەر گرێبەستێکی ئاڕاستە کراوە و لەکۆتاییشدا پەیوەندی بەو یانەیەوە کردووە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا  لەبارەی دەنگۆی پەیوەندیکردنی نێیمار بەیانەی ریاڵ مەدریدەوە کۆتینیۆ گوتی: نازانم، لەگەڵ نێیمار لەسەر ئەو بابەتە قسەم نەکردوە، ئەوە کارێکی تایبەت بەخۆیەتی و منیش تەنها بیر لەبەرشلۆنە دەکەمەوە.